# تکایە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکاندا مەکەنە ئەنفالی دەڤەری بادینان

**ڕزگار ڕانگور**



(من کەبۆ چیا سەرم هەڵگرت، بۆ ئەوە نەبوو تا بە ئاشتی وسەرفرازی بگەم ، بەڵک و بۆ ئەوە بوو کبریاوکەرامەتم بپارێزم ، بۆ ئەوەی مرۆ لەساتە سەختەکاندا نرخەکەی بهێڵێتەوە ) نیکۆس کارانتزاکیس

**لەبیرەوەری ئەنفالی بادیناندا**

لەپریاسکەی پێشمەرگەیەکی ڕەنجدەرەوە وەک شاهید حاڵێکی ئەنفالی هەشت لەدەڤەری بادینا دا لە28 .8. 88 تا 3. 9. 88 هەموو دەڤەری بادینان بێ شەڕ گیرا واتە ئەو هەموو ناوچە فراوانە بەدۆڵ وشاخ و روبارو دارستانەوە تفەنگی بەرگری تیا نەتەقی و ڕژێم بێ ئارەق هەموو ناوچەکەی گرت هێرشەکانیش لەم قۆڵانەوە دەستی پێ کردلەزاخۆوە بەرەو کڵناسێ و چیای بێخێر،هەرلەوێوە بەرەو خاپور،لەکانی ماسێوە بەرەو زێوە ئامێدی و ڕەشاوە ،لەبێ گۆڤەوە بەرەو یەک ماڵەو چیای مەتین لەشێروان مەزنەوە بەرەو بەرزان ،لەديناتێوە بەرەو بلەو بەرزان ،لەباتوفەوە بەرەو زاویتە ،لەسەرسەنگەوە بەرەوچیای گارا ،لەچەند قۆڵی ترەوە دوژمن پێشرەوی کرد ئەو دەم ڕۆژانە دەفتەری یاداشم دەنوسی لێ لەشاری شنۆ لای برای بەڕێزم کاک حسێن بەفرین دام نا لەگەڵ وێنەی زۆری هاوڕێکانما کەزۆریان شەهید بوون بەداخەوە لەگەڵ برادەرێکدا بۆی ناردم ،ئەو هە موو نوسینە کەبەرهەمی شەش ساڵ پێشمەرگایەتی بوو، زۆر ڕوداوم تۆمار کردبوو کەلەنزیکەوە ئاگاداری بووم ، ئەو جوامێرە لەڕێگە فڕێ دابوو لای من ووتی جەندرمەی تورک گرتوێتی ، ئەودەم ئاسایی بوو لام بەڵام هەنوکەکەبیری لێ دەکەمەوە وادەزانم ئازیزێکم بەدەستیی خۆم دەنێژم ،پێشتر لەڕێگەی کوردستان پۆستی بەورەوە بیرەوەری ئەنفالی یەکم بڵاو کردەوە لێ کەکوردستان پۆستیان هاک کرد ئەو نوسینەش

لەبەرچاوان وون بوو لای خۆشم نەماوە دوای ئەنفالی یەک زۆرمان بەرەو ڕۆژهەلات چوین تالی ئەو ڕۆژانە و ئازاریان سانایی بیر ناچنەوە لێ مرۆڤ کەم جار لەناو گەرمەی ڕوداوەکاندا
دەرک بەو ئالۆزی و ئازارانە دەکات،هەموو دەمان زانی ڕژێم دوای گرتنی ناوچەی سۆاران هێرش دەکات بۆ ئەم ناوچانە لێ بەباوەڕی ئێمە سانایی ناتوانێ ئەم ناوچانە بگرێت لەبەر هەڵکەوتی سەختی ناوچەکەو فراوانی
من چەند شەوێک پێش ئەنفال بەرەو زاخۆ چوم لەگەڵ سادق سندی و مامۆستا کازم کەببوە فەرماندەی سەربازی لەزاخۆ تازەش فەوجەکەی عومەر ئاغا باوکی سادق تەسلیمان ببوون و بەخۆیان و هەموو هێزەکەیا نەوە هاتبوونەدەرەوە لەپێش پەڕینەوەمان بەرەو گەلی پز ئاغا و حەفتانین ، هێزێکی زۆری پارتی لەدوا نیوەڕۆیەکی درەنگدا هاتنە سەر ڕێگەمان سەدان کەس دەبوون ئێمەش ژمارەمان تەنها حەوت کەس بوو لەناو یانا سادق سندی بوو
کەچەکی پێ نەبوو تەنها ئاربیجیەکی 19 دامان دابوو پێ ی کە تەنها بۆ یەک جار بەکار دێت تا لەجادە دەپەڕینەوە لێ هیزەکەی پارتی تەوقیان داین و داوای سادقیان دەکرد ، دانیشتین لەگەڵیانا و من پێم ووتن ئەوە ڕژێم ئەنفال دەست پێ دەکات با هەمومان ئامادەیمان تیا بێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە ، ووتمان سادق بەر نەبوەو دەی گوازینەوە مەلاسدیق کە هاوڕیم بوو ئامر کەرتی کۆمیتەی دوهۆک بوو ئێستا لە ئەلمانیا دەژی و بۆ خۆی خەڵکی زاخۆ بوولەکارەساتی هەکاریدا گیرابوو لەگەل شێخ عەلی و شەهید ئازاد هەورامی دا ئەم مەلایە لەدەستیان ڕای کردبوو ئەو ڕۆژە واگەرم ببوو بەحەق و ناهەق میلی دەهێنایەوە من پێم ووت شەڕکردن هەڵەیە و من بڕوام بە شەڕێ کورد کردن نی یە ئەوەتا ئەنفالە ئازاین باخۆمان بۆ دوژمن ئامادەکەین ،سادق هەر ئەو دەمە لەبەر چاومان وون بوو سادق بست بەبستی ئەو ناوچەیە شارەزابوو جگە لەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرە بوو ماوەی چەندین ساڵ بەپارتی زانی ژیانی لەو ناوەدا بەسەر بردبوو ، کەپەڕینەوە بۆ ناوچەی زاخۆ دوای ڕۆژێک لەمەڵبەندەوە جیهازمان بۆکرا کەبەزووترین کات بگەڕێنەوە بۆ لای هاوڕێکانمان بۆ مەڵبەند ،لەزێوە کەبارەگامان لەوێ بوو لای لقی یەکی پارتی دوایی سادقمان دی یەوە ئێمە زانیمان سادق هەر ئەو دەمە پەیوەندی کردۆتەوە بەدەزگاکانی ڕژێمەوە لێ هێندە شەریف بوو زۆر مەردانە من و مامۆستا کازمی بەڕێ کرد ، من پێم ووت کاک سادق بەرنامەتان چی یە ووتی نازانم ووتم تکایە خیانەت لەکورد مەکەن ،بەسە ئیتر ،چاوانی پڕ بوو لەئاو ووتی هەرچی بکەم شەربێ ئەو قسەیەم
بیر نەچێت ،من و هاو ڕێکەم پەڕینەوە دیسان لەزاخۆوە بەرەو ئامێدی دەمەو بەیان بوو چوینە گوندێک یەک دووپ م دی خەڵکی گوندەکە بەیەکدا دەهاتن ووتمان چی هەیە ووتیان ڕادوێی لەندەن ووتوێتی هێرش دەکرێت بۆ ناو چەی بادینان ئیتر ئێمەش ئەوانمان جێهێشت تا بگەینە هاو ڕێکانی خۆمان لای گوندی کلاشی خۆ ترا کتۆرێکمان دی بەسێ تایە دەڕۆی داوامان لێ کرد کەسوار بین لەگەڵی لێ ئەو برادەرە بەرەو جێگەیەکی تر دەڕۆی بەهەر ئەحواڵێک بوو دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەشتینە کۆمیتەی ئامێدی و ئەو مەفرەزەیەی لێ بوو کەلەگەڵ کاک سالاری شێخ عومەرددوای ئەنفالی یەک هاتبوون هەمووی کوڕی کردەو پ م تیپە قارەمانەکەی 47ی پیرەمەگروون بوون من تەواو هەستمبەئارامی کرد ووتم هەر شەهیدیش بووم ئەم هاوڕێیانەم هەر هیچ نەبێ لاشەکەم دەکەنە ژێر گڵەوە تابەئارامی بخەوم کەقسەمان کرد لەگەڵیاندا پێیان ڕاگەیاندین دەبێ هەر ئەم شەوبڕۆین برادەران مەڵبەندیان چۆڵ کردوەو لەو بەر زێ لە گوندی نێروێ کەقەلایەکی کۆنی تیا بوو چاوەڕێمان دەکەن لەوێ بووین تۆپ باران دەستی پێ کرد دانە دانە تۆپی هەڵدەدابۆ ناو گەلیەکە لەپڕ تۆپێک هات زۆ نزیک کەو تەوە دای لەبەردەم بارەگاکان ووژەی تۆپێکی تر هات من ووتم هات وهاتمە ژورەوە حەمەی برای شەهید وەستا مەجیدم لەتەنیشت بوو فریای هاتنە ژورەوە نەکەوت و چەند پارچەی بەرکەوت و لەگەڵ پ م

پارتی گەلدا بریندربووهەر لەوێدا دوای درەنگانێ لەژێر ڕەحمەتی تۆپەکاندا ڕێچکەمان کرد بەرەو لایی برادەرانمان لەدەروازەی گەلی بازێدا خیزانێک لەویا دابوون نازانم ماون یان نا ئەوەی دەمەوێ باسی کەم کچە چکولانەکەیان بوو کەزەرفێکی پڕ فیشەکی دایەدەستم هەمووی فیشەکی کلاشیکۆف بوو تۆپ هەر دەهات هەمووئەو ناوە بۆنی باروتی لێ دەهات ،شەومان بەسەر هات لەگونێکی فەلایان نانێکمان نێچیر کرد گوندەکە چۆڵ بوو لێمالات هەمووی بێ خودان لەو ناوەدان بەلای گۆڕستانێکدا ڕۆشتین لەچەند قولە مۆمیان داگیرسانبوو لەو دەمەدا من بیرم بۆ ئەوە چوو داخۆ چ کەسێکی بەویژدان بەم کارەهەستاوە دوا ماڵ ئاوایی لە ئازیرانی دەکات و مۆمی بۆ داگیرسانوون کەئەو گوندەمان بەڕێ کرد دوژمن دەستی کردبوو بەپێشرەوی کردن بەشاهیدی هەموو ئەو هاوڕێیانە بەناو بۆسەی دوژمندا هاتین جوان گوێمان لەدەنگیان بوو ، هاوڕێیان کاک عەبدولا ، گۆران ،کاک سالاربێستوون ،مەلا یوسف چەند برادەری تر دەمەو بەیان گەشتینە سەر زێی گەورە لەزێوە لای لقی یەکێ پارتی کە چۆڵیان کردبوو بەهەر ئەحواڵێک بوو لەزێکە بە دەڤەڕست پەڕی نەوە لەوێ توانامەن نەما لێ ی پاڵ کەوتین بەلام بەبلاوییپێشبینیمان دەکرد کەدوژمن زۆر بەخێرای هەموو ناوچەکەدەگرێت عەسرێکی درەنگ گەیشتینەلای برادهلەگوندی نێرۆ هێزەکەمان زۆر بوو ژمارەی پ م ناوچەی سۆران بووین بە 16 پ م و ئیتر دوو هێسترمان بار کردبوو لەو شتانەی پێویستیمان پێیان بوو وەک جیازی ڕاکاڵ و گولەی ئاڕ بی جی و بەتانی تۆزێ خۆراک و داو دەرمان برادەران لەمەڵبەند هەموو تفەنگە زیایەکان و دۆشکاو ماسکی گازیان شاردبۆوە چەند ڕۆژێک پێش نازانم بارەگاکانیان بۆ نەسوتانبوو چونکە پارتی ووتبووی ئێمە بەرگری دەکەین نایەڵین دوژمن بێتە ئەم دەڤەڕە لێ وادەر نەچوو ،هەر ئەو ئێوارەیە چەند زیندانیەکی جاش لای پارتی گەل بوو ئازادیان کردن ئێمەش سێ هەبوو بێ لەوەی مەڵبەند کەزوتر حسابی بۆ کرابوو .شەریف سوێنی خوارد لەگەڵمانا بمرێت بی کەی سی هەڵگرت خەڵکی گوندێکی نزیکی دهۆک بوو ،حەمە جاشێک بوو لەگەڵ بایزدا گیرا بووخەڵکی دهۆک بوو لەتیپی مۆسیقای دهۆک جاسی لێ دەدا لەگەل کوڕێکی تردا کە خەڵکی موسڵ بوو لەعەشیرەتی شەبەک بووکاروان کەوتە ڕێ شەوها ت ڕۆژ بۆوە مانگەشەو دنیای وەک بەری دەس پشان دەداین ،بەهەر ئەحواڵێک بوو گەیشتینە ناوچەی گولان لەگوندی شاجەبووین خەریکی دروستکردنی ناوساجی بووین تۆپەلێ پ م بەلامانا هاتن ووتیان هەڕن تەقەدوومە ووتمان لەکوێوە تەقەدوومە ووتیان کیمیا یە چونکە لەم ناوچانە شەڕی جەبهەی نەکرابوو بەتۆپە ڕەسەدەکانیان دەزانی کیمیاویە لێ ئێمە دەمان ووت ئەوە ڕەسەدە سە رەتا ئێمە دەستکاری هیچمان نەدەکرد لەگوندەکاندا بەلام دوایخۆیان دەیان ووت ئەوە خۆراکە ،ڕێچکەی خەڵک وەک شارە مێرووڵە بوو بەرەو باکور ئەو دەم دەیان ووتبەرەو سنوری تورکیا ،ئێمە سورەتی ئەنفالمان دەخوێنەوە من کەعەرەبیم قەت نەزانیوە مامۆستا کازم لەگەڵخاڵەکەمال بۆیان وەردەگێڕام ، هەگبەکەم پڕ کردبوو لەناوساجی و دەفتەری یاداشەکەم دوا ڕوداوم تۆمار دەکرد

شەوێک لەناوچەی گولان 24 زیندانیان داینێ تا بەڕێیان کەین بۆ سەر سنور لەوێ تەسلیمی خاچی سوری کەن نیوەڕۆیەک لەگوندی کۆڵەکەبووین فەرەیدوونی برام بڕیاری دا کەبەرەو تورکیا بڕوات چونکە ئەو زامداری کیمیاوی بوو لەشاناخسێ برنیندار ببوو بەو هیوایەی بێت بەرەو ئورپا لەوێ کاک حاکم عومەر عەزیز کۆی کردینەوە پێ ی ڕا گەیاندین کە هەموو ئازادین چی دەکەین بەرەو ئێران دەچین لەگەڵ هێزەکەدا یان بەرەو تورکیا ،ناخۆشترین کات بوو پێشتر دوو هەنتەر بەسەرمانەوە دەسوڕانەوە چاودێری ئەو ڕێچکەی خەڵکەیان دەکرد بەلام بەرز بوون نە تفەنگی ئێمەی دەگەشتێ و نەئەوان تەقەیان دەکرد ،هاوڕێکانم مەجید ،کاک سامان فەرەیدوونی برام کارزان بڕیاریان دا بەرەو تورکیا بڕۆن ،هەر لەوێش حەمە ی جاس و بەسام کەکوردی شەبەک بوو ئازاد کران و لەدوای قەرە باڵغیەکە کەوتن ، هەنوکە لەگۆشەی ماڵێکی چۆڵ و بێ خودانندا دانیشتووم و بەدەیان تفەنگی بێ

خاوەن لەدەورووبەردایە لێشاوی ئەم خەڵکە چی بوو نازانم باوەڕم نەدەکرد ئەم هەموو خەڵکە لەم ناوچەیەدا ژیان بەسەر بەرن جیاوازیەکی سەیرم هەست پێ کرد من ئەو شەرەفەم پێ بڕا لەبەر گری ئەنفالی ئەکدا لەدۆڵی جافایەتی بەشدار بم ، لەوێ خەڵک بەدارو بەردا دەهاتنە خوارەوە لێ لێرە بێ دەنگ دەڕۆن کەس قسە ناکات ، ماڵ و حاڵ جێ دێڵن بەرەو نادیارملی ڕێگەیان گرتوە ، کچە پێشمەرگەکانی ح ش ع بەرگە خاکیەکانیان دادەکەندوو بەرگی ژنانی ئەوناوچەیەیان لەبەر دەکرد و بەرەو سنور دەڕۆشتن کەهێندە دوور نەبووین لێ وەی ،ئازاری ئەو جیابوونەوەیەی هاوڕێ و برایەم

سانایی بەسەرما گوزەری نەکرد ،ئێستاش دەڵێم خۆزگە ئەو دەفتەری یاداشەم ئاوا مردار نەدەبۆوە ئەودەم ،دەتانزانی چۆن ئەو وێنانەم بۆ دەگێڕانەوە ،کەئەو خەڵکە لەسەر شانۆی ئەنفالدا چ دەورێکیان دەگێڕا ،بەداخەوە گوزەشت بەو حاڵەی گەشتینە گوندی دۆڵەتوو ئەو گوندە بۆ گەلەکەم لەباشور مێژوویەکی پڕ ئازاری هەیە پاڵەوانانی هەکاری لەم گوندەدا زیندان بوون هەرلێرەش زۆریان گیانیان لەدەست دا ئەم گوندە زێ ی بچوک کردوێتی بەدوو بەشەوە لەو بەر

جەندرمەی تورکانی لێ بوو ئەم بەر وو ئەو بەر هەموو کەس و کاری یەکن هێزەکان هەموو لێرە کۆبوینەوە شەو ێک لەوێ بووین عەسرەکەی مەفرەزەیەکی زەحمەتکێشانمان دی ووتیان توشی شەڕ بووین دوای ئەوە کەسەیری مەخزەنەکانمان کردن بەلاچاو تژی بوو لەفیشەکی زەرد ، شەو داوا کرا کۆ بوونەوە بکرێت و هێزێک بچێتە پێشەوە بۆ هەر پێش هاتێ ،لێرەدا دەمەوێ باسی برای بەرێزم کاک حاکم عومەر بکەم کەگەلەم پێویستی بەو خەڵکە

جوامێرو بەئەمەکەیە کەبەتەواوی مانا خەڵکی دڵسۆزوو شۆشگێرو بەورەو پاک وئازا و ئەگەرچی ئەوخۆشەویستە شۆڕشگێران بوو منێک کۆمەڵەبووم لێ ئەودەم ئامادەبووم خۆم بدەم بەکوشت بۆ ئەو پیاوە جوامێرە کە هاوڕێ ی ڕۆژە تەنگانەکانی ئەو دەمەبوو، سادە گورج و گۆڵ بەهەڵمەت و خۆی دواکەس بوو کە لەپشتمانەوە دەڕۆی خۆنەویست کوردستانی ئەوەندە خۆش دەویست بۆیە بۆ خەونە گەورەکە کەوتبۆ ئەو شاخ و داخە ، یادی بەخێر، شەوێ دوای ئەوە بۆ ناو قولای باکور بەرەو ڕۆژهەلات بەڕێ کەوتین، تورکەکان کەهەنوکە دەیانەوێ شەڕکی کورد بکەن بەپارە ڕێگەیان کردەوە جەنەڕاڵەکانی تورک بەپارە حیمایەمان بوون تابەقولای نیشتمانەکەماندا لەباکور تێ پەڕین ،،

بەچیاکاندا هەڵزناین لە بەفراوی شیرنی کوێستانەکانمان دەخواردەوە بەونیشتمانە گەورە بێ خودانەدا دەڕۆشتین گوێمان لەڕادوێ بەغداد بوو کە مژدانەی سەرکەوتنی دا کەلەدوا ئەنفالدا سەرکەوتن و ناوچەکان لەتێک دەران پاکرانەوەوە ، ڕەنگە خوێنەر بپرسێ داخۆ بۆ ئێمە بەرگریمان نەکردوە بۆ ئێمە نەمان توانی لەتۆڵەی ئەو هەمووتراژیدیایەدا تفەنگێ بتەقێنین ،منیش دەڵێم پارتی بڕیار بەدەست بوو ئەوان دەبوو بڕیاری بەرگریان بدایە لێ هەمیشە ئەو تیوریە هەیە و زۆر لەوانەی لەسەر بادینان نوسیویانە ئەوڕاستیەیان باس کردوە کە پارتی بادینان بەموڵکی خۆی دەزانێ و ناخوازێ جیاواز لەخۆی کەس لەو ناوچانە دەوری بەرچاوی هەبێت ، بەئێستاشەوە ،

بۆ ڕاستی ئەم باسە خوێنەر دەتوانێ بیرەوەرێکانی (فاتح ڕەسوڵ ) بخوێنێتەوە چونکە ئە وان زیاتر وەک ح ش ع لەناوچەی بادینان بوون،بەو حاڵە بەسۆزانەکاندا و بەدەشتی مەرگەوەڕدا گەشتینە ڕاژان ،ئیتر ناوچەی ئازاد کراو نەما ، بۆ هێزی پ م و خەڵک هەموو شت مرد ژیان وەستا و ئێمەش لەخەم زیاتر هیچمابن بۆ نەمایەوە و

تفەنگەکانیشمان لێ بوو بەبەلا ئەو هاوڕێ یەی بەچرکەش جێ ی نەدەهێشتین